# شەیتان و کۆتر کوجا مەرحەبا

سالار بابەشێخ

دەمەتەقەیەکی پڕسکالاٚ لەتەك ویژدانی ئەحمەد پارێز

حەزم دەکرد بە درووودێکی زەردەشتی ئەم دەمە تەقەیە دەست پێبکەم، بەلاٚم ئەز خۆم وا راهێناوە لە تەك خەڵکی ترسنۆك زۆر تێکەڵ نەبم، بۆیە خۆم لە سەلام کردن لا دا..!! لەوەش دڵنیابە هەر کاتێك خامەکەت بوێرتر لە قەڵەمی ژنێکی نووسەر خۆی دەرخست، ئەوە ئەوکات دەکرێت خۆت گوتەنی هەندەك زانستی تر مامەڵە بکەین و ئەدەبیش فەرامۆش نەکەین.

برای لاوم .. تۆ ویژدانت "ئەحمەد پارێز" کە پێی خۆشە خەڵك راوێژی پێبکەن "پێم خۆشە وەك لاوێکی کورد راوێژکاریت بکەم.."، نووسەران مۆڵەتی لێ وەر بگرن و ئینجا ئەگەر ئیجازەی فەرموو، بابەتێك بنووسن بۆ بلاٚوکردنەوە لە لاپەڕەی رۆژنامەکان یان لە گۆشەیەکی ماڵ پەڕەکان، ئەوە لاوێکی کارای کوردە کە دەتوانێت راوێژکاریی خەڵك بکات؟!

کچێك لە کوژرانی هاوڕەگەزێکی خۆی بە ناوی (دوعا) کە بە دڕندانەترین شێوازەکان دڵی پڕهیوای لە لێدان کەوت، تووشی شوك بووەو دواتر پەنای بە کوترێك داوە تاوەکو لەبەردەکانی منداڵانی گەڕەك رزگاری بکات، ئینجا جەنابت لە دەستپێکی نووسینەکەتدا رەوانەی فەحسی دەماغ و لە کۆتایی بە ناو نووسینەکەشتدا بنکەی چاکسازی ئافرەتانی پێدەناسێنی!!!!

جەنابی راوێژکار.. شەیتان و کۆتر کوجا مەرحەبا کە دەڵێی: "باشتر بوو و زۆر زانستیش بوو گەر بتگۆتبا ئەوەی من لە ماڵ بینیم (شەیتان) بوو نەك (دوعا خان)".

ئەی ویژدانی ئەحمەد پارێز.. تۆ لە تیرەی ویژدانی کام لاوانی ؟؟ ناکا لە بلۆك بە دەستەکان و بکوژەکانی دوعا بیت، ئاخر ئەوانیش وایان دەزانی دوعا گاڵتە بە عەقڵیان دەکات.. ئایا تۆ پارێزەری چیت کە نازانی دوو هێمای دژ بە یەکتر جیا بکەیتەوە؟

تۆ شەرەفت ئەوە زۆر زانستییە کە کۆتر بکەی بە شەیتان؟؟!! بۆچی لە ناو هێنانی کۆتر سڵ دەکەیتەوە ؟؟ کۆتر هێمای ئاشتی و پاکی و بێتاوانییە.. قەت مەترسە و ناوی بێنە.. من راوێژکار نیم و رێگەی بنکەی چاکسازی نەوجەوانانیش ناخەمە بەردەمت، بەلاٚم تکایەکم هەیە ئەویش ئەوەیە بۆ نووسین، رێنووس و رێزمانی نووسینێکی سەقەتت هەڵمەگرە و زیاتر بخوێنەوە.

بە ویژدانی ویژدان دارانیش سوێندت دەدەم هەرگیز ئیدانەی هەست و سۆزی پاکی خەڵك مەکە.. کۆتر زۆر باشترە لە سەر بڕین و سەرپان کردنەوەی مرۆۋ بە بلۆك، کۆتر شەیتان نییە، کفرە کۆتر لە شیری عەرەب و شەیتان بە خراپتر بزانی..

دوای ئەوەی نووسینی کچە کوردێکم لەژێر ناونیشانی"دوعا لە ماڵی منە"، خوێندەوە، پێموابوو بەڕێز (سەیران سەلاح)ی نووسەری ئەو بابەتە بەنیازە بێتاوانی (کۆتر و دوعا) پێکەوە گرێ بدات و

خوێندنەوەی ئەز بۆ نووسینەکەی وابوو کە پەیامێکی پێیە بۆ منداڵان کە " هەرگیز دەست نەدەنە بەرد.... چ بۆ گیانی مرۆڤ بێت و چ بۆ گیانی پەلەوەر.. بەڵام قسەی خۆمان بێ ئەحمەد پارێز خەریك بوو چەواشەی بکات